# جوانترین گوڵم

ئەحمەد دەشتی



من دەزانم زۆر لەمێژە
نەهامەتی کوردستانە و
گەلی کوردم ژێر دەستەیە
زۆر دەمێکە دڵ پڕ ڕەنجمو
پەرێشانی ڕووی کردووم
هەر نیگبەتی و بێچارەیی و
زامی قوڵی ئەم کوردەیە
هەموو جەستەی پڕ ژان کردووم
ئـەدی بۆچی تۆ نەهاتی هەرنەهاتی
ئەمن گەلێ جۆگەی خوێنم
لەچاوانی خۆما هەڵبەست
تۆ هەر دوور چووی،هەر نەهاتی
هەتائەمن گشـت ئەستێرەی
بەختی ڕەشـــم لە ناو دیدەو
خوینی دڵی خوما دارشت
تۆ نەهاتی کە ئێستاش وا
هەرچی ڕێگەوبانی دڵمە
سیمای جوانی تۆم لێداوە
بۆیە هەموو زامـم کولن
چونکە دیدەم لە ڕێت ماوەو
چاوەڕوانم تۆ نەهاتی
چی دەبینی لەو ڕێگەیەو
ئەو هیوایەی کەمن هەمە
هەمووی ئێسک وپروسک و
خوێن و تەرمە
وا لە خاکم پەنهان کراوە و
جێگەی شەرمە
تۆ بڕوانـە نێژراوەکان
خۆشەویست وپەڕەی گولمن

دەسا وەرە ئەی ئاواتی جوانی من
برینانی ئەم دڵەی من سارێژبکە
ئەم دەروونە پڕ جەفایەم
بە دیداریت دڵم شادکە
هەتاکەینێ هەردوور دەڕۆی
هەتا کەینێ من لەڕێی تۆ
خوێن لەچاوو زامەکانی دڵ بڕێژم
تۆلە بەرچی وابێ باکی
لە ئازار وگریەم ناگەی
تاکەی هەروا بە دووریتا
زام و برینم قووڵتر کەی
دەپێم بلێ چیترت دەوێ لەڕێگەتا دانێم و
تۆش شادمکەی
هەتا کەینێ داگیرکەرانی خاکی من
بێن و تەنی لەت لەت کراوم
هەر پڕ ژان و زامدارترکەن
هەتا کەینێ بێنە سەرم
ئەم ژیانەی واکەنەفت و
پەرێشانم بێ هەتوان کەن
پێیان نالێی بۆ دەمکوژن
وا بە چەقۆ و هەستی پیسیان
هەموو ڕۆژێ لە ماڵی خۆم
سەری ڕۆلە و کەسم دەبڕن
دەتۆ وەرە هیوای دڵی برینی من
ڕوو لەمن کەو ببەهاوڕێ و
هەڤالێکی ســـــەبووری من
دەبا منیش سەربە خۆ بم و
خاوەن ئاڵاو خاکی خۆم بم
*